# ١٧ ـ حەلالیشك

حەلالیشك : داریکە بە ئەستوورایی پەنجەی نیوان و نەختێ لە پەنجە دریژترە ، سەریکی ئەقەلیشن‌و دوو پەڕی گەورەی باڵی مریشك دینن قونکەکانیان ئەخەنە ناو قەلیشەکە ، سەری‌تری دارەکەش تیژ ئەکەن .

منداڵ کە یاری پێ ئەکەن پەڕیکیان ئەگریت‌و ئەڵیت :

حەلالیشك        پەڕە مریشك

یا ئەڵیت :

حەلا حەلا لیشکێ        پەڕم پەڕێ مریشکێ

ئەمجار بە هێزی خۆی حەلالیشکەکە بۆ ئاسمان هەڵ ئەدات‌و پەڕەکان لە ئاسمانا وەکوو فڕفڕۆکە بە دەوری یەکا ئەسوڕینەوە لە ژیر دارەکەوە نووکە تیژەکەشی بۆ ئاسمان ئەڕوات ، کە بۆ خوارەوەش ئەگەڕیتەوە سەرە تیژەکەی بۆ خوارەوە دیت پەڕەکانیش لە سەرەوە بە دەوری یەکا ئەسوڕین حەلالیشکەکە کە ئەکەویتە خوارەوە سەرە تیژەکەی لە زەوی‌یا ئەچەقێ . منداڵەکە هەڵی ئەکیشیتەوەو دووبارە هەڵی ئەداتەوە بۆ ئاسمان .